Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090304

# ئیدیەم لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە

دەرون عبدالرحمن صالح

بەشی کوردی// کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت // زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

زانستی زمانی درکپێکردن، تۆڕی سیمانتیکی، توانادرکپێکردنەکان، سیمانتیکی درکپێکردن، ئیدیەم.

*Corresponding Author*

darun.salih@univsul.edu.iq

**پوختە:**

زانستی زمانی درکپێکردن بەنوێترین تیۆریی زانستی لەبواری زمانەوانیدا دادەنرێت، کە گرنگی بەلایەنی هزری و پرۆسە ئاوەزییەکان و تواناردرکپێکراوەکان لەپرۆسەی شیکردنەوەی ئاخاوتندا دەدات، بەشێوەیەکی نوێ و زانستییانە. ئیدیەمیش یەکێکە لەو بوارانەی زمان، کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و بەهێزی بەتوانا درکپێکراوەکانەوە هەیە، کە هەر پێنج هەستەوەرە سەرەکییەکە دەگرێتەوە، ئەوانیش بریتیین لەهەستی (بینین، بیستن، بەرکەوتن، تامکردن و بۆنکردن)، بەئاشکرا هەست بەڕەنگدانەوەی هەستەوەرەکان لەئەزمونکردنی جیهانی دەرەوە لەلایەن ئاخێوەرەوە دەکرێت، و پاشان دووبارەکردنەوەی لەلایەن قسەپێکەرانی کۆمەڵەوە. ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ئیدیەم لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە)، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە شیکردنەوەو لێکدانەوە بۆ (ئیدیەم) لەڕوانگەی تواناردرکپێکراوەکانەوە، کەبریتییە لەهەستەوەرەکان، لەگەڵ تیۆری(تۆڕی سیمانتیکی)، کە یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی سیمانتیکی درکپێکردن بکرێت، کە لەواتای وشە دەکۆڵێتەوە. کەواتە بەشێوەیەکی کارەکی کار لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوە لەئیدیەم لەڕوانگەی هەستەوەرەکانەوە دەکەین، پاشان پەیوەست بەتیۆری تۆڕی سیمانتیکییەوە، کرۆکەواتاو توێکڵەواتای وشەکانی ناو ئیدیەم شیدەکەینەوە.

**پێشەکی:**

زانستی زمانی درکپێکردن لەئێستادا بەیەکێك لەلقە هەرە گرنگەکانی زانستی زمان هەژماردەکرێت، بواری لێکۆڵینەوەکانی بەرفراوانەو زۆربەی کایەو بوارەکانی زمانی گرتووەتەوە، کە کرۆکی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستە خۆی لە (واتا)دا دەبینێتەوە. پەیوەست بەم لقە زانستەوە هەوڵمانداوە تیشك بخەینەسەر (ئیدیەم) بەڕێگەیەکی نوێ و زانستیانە، لەم سۆنگەیەوە ئاماژەمان بەوە کردووە کە چۆن کۆزانیاری لەئەنجامی کارکردن و کارلێکردنی ئاوەزو جەستەی مرۆڤ بەیەکەوە دەستنیشاندەکات، کە جەستەی مرۆڤ ئەزموونی دەوروبەرو جیهانی دەرەوە دەکات بەهۆی توانادرکپێکردنەکانەوە، کە هەر پێنج هەستەوەرەکانمان دەگرێتەوە، وەك هەستی: (بینین، بیستن، بەرکەوتن، تامکردن و بۆنکردن)، پاشان ئەو ئەزموونانە لەئاوەزدا تۆماردەکرێن و دواتر دەبن بەشارەزایی و بەهۆی زمانەوە بەکۆد دەکرێن.

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ئیدیەم لەڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە)، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەیەکە (پەسنی شیکاری)یە، هەروەها پەنامان بردووەتەبەر تیۆری (تۆڕی سیمانتیکی)، کە یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، توێژینەوەکە خۆی لەدوو بەشدادەبینێتەوە، بەشی یەکەم بەناونیشانی (زانستی زمانی درکپێکردن)، لێرەدا بەشێوەیەکی تیۆریی ئاماژە بەزانستی زمانی درکپێکردن کراوە، کە لەچەند لقێك پێکدێت: کورتەیەك دەربارەی سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن، ناساندنی زانستی زمانی درکپێکردن، سیمانتیکی درکپێکردن و تیۆری (تۆڕی سیمانتیکی)، بەشی دووەمیش بەناونیشانی (ئیدیەم پەیوەست بەتوانا درکپێکردنەکان و تۆڕی سیمانتیکییەوە) خراوەتەڕوو، لەم بەشەشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی کار لەسەر هێنانەوەی نمونەی گونجاوی ئیدیەم پەیوەست بەهەر پێنج هەستەوەرەکەو تۆڕی سیمانتیکییەوە کراوە، ئەم بەشە لەلقێکی سەرەکی پێکهاتووە، کە بریتییە لە (ئیدیەم پەیوەست بەچەشن و جۆری پێکهاتەی توانا درکپێکردنەکان و تۆڕی سیمانتیکییەوە )، لەگەڵ چەند وەچە لقێك: (هەستی بینین، هەستی بیستن، هەستی بەرکەوتن، هەستی تامکردن و هەستی بۆنکردن). لەکۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەلێکدانەوەو شیکردنەوەکانەوە بەدەستهاتووە خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم: زانستی زمانی درکپێکردن**

**(١/١) کورتەیەك دەربارەی سەرهەڵدانی زانستی زمانی درکپێکردن:**

زانستی زمانی درکپێکردن (Cognitive Linguistics) یەکێکە لەو زانستە باوو سەردەمیانەی، کە لەئێستادا بووەتە جێگەی سەرنج وتێڕامانی زۆربەی زۆری زمانەوانەکان، کە بەشێوەیەکی نوێ و زانستییانە لێکۆڵینەوە لەزمان و ئاوەزی مرۆڤ و بوارەکانی زمان دەکات. سەرەتای ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ (حەفتاکانی سەدەی بیست و گەشەسەندنی لە هەشتاکانی هەمان سەدە. ئەم زانستە گرنگی تەواوی بەلایەنی زمانەوانیو لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی ئەم بوارە داوە، کە تایبەتکراون بەلایەنی سیمانتیك وسینتاکسو مۆرفۆلۆژیو فۆنۆلۆژی و فێربونی زمان و زمانەوانی مێژویی. (Cruse and croft, 2004:1)، ئەم زانستە لەئێستادا بەیەکێك لەلقە هەرە گرنگەکانی زانستی زمان دادەنرێت. سەرەتا کاری ئەم زانستە لەساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٨٠) بەشێوەی لێکۆڵینەوەی بچوك بچوك دەستیپێکرد، دواتر لەسەر دەستی (ڕۆناڵد لانگاکار/ Ronald Langackar) لەساڵانی (١٩٩١ – ٢٠٠٢) گەشەیکرد، کە دەکرێت وەك هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی زانستی زمانی درکپێکردن ڕەنوسبکرێت، وێڕای ئەوەش هەریەك لە فیلمۆر، لاکۆف، فاوکۆنیار، تالمای، لەچوارچێوەی ئەم زانستەدا کاریانکردووەو پەرەیان بەزانستی زمانی درکپێکردن داوە. (حەسەن، ٢٠١٥: ٢٠) لەسەر دامەزراندنی سەرەتاکانی زانستی زمانی درکپێکردن بەمشێوەیە ئەم هەوڵە بەرابیانە بەردەوام بون، تا لەساڵی (١٩٩٠) بەشێوەیەکی فەرمی (زانستی زمانی درکپێکردن) لەڕێگەی گۆڤارو کۆمەڵەی نێو دەوڵەتی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، کە بەپیتەکانی (ICLS) هێمای بۆ دەکرێت، وەك لقێکی سەربەخۆی زانستی زمانی گشتی ناسێنرا. (قادر، ٢٠١٢: ٣٥ ).

**(٢/١) ناساندنی زانستی زمانی درکپێکردن:**

درکپێکردن لەچوارچێوەی زمانەوانیدا بەواتای پێگەیشتن و شوێنکەوتنی ئەو مەبەستانەدێت، کەجێی تێڕامان و وەرگرتنن بەچوونە ناو بازنەی هزرو ملکەچکردنی بۆ پرۆسە ئاوەزییەکان. (حسین دزەیی، ٢٠١٤: ٥٥) لێرەدا دەتوانین بڵێین چەمکی (درکپێکردن) لەزمانەوانیدا ئەوەیە: بەهۆی لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان (فۆرم ، واتا)ەوە بەهۆی پێنج هەستەوەرەکانەوە بتوانرێت درك بەلایەنی فۆڕم و واتای ئەو کەرەستانەبکرێت، کە کەسێك دەریاندەبڕێت، یاخود چەمکی درکپێکردن ئەوەیە، کە گوێگر بتوانێت ئەو پەیامە شیبکاتەوە، کە قسەکەر لەڕێگەی کەناڵێکەوە ئاڕاستەیکردووە، پاشان گوێگر بتوانێت ئەو کۆدانە بکاتەوەو دواتر شارەزابوون و ئاشنابوونی بەهەریەکە لە (ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەرونی و فەلسەفی ... هتد) قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا.

منداڵ لەگەڵ لەدایکبوونیدا توانای درکپێکردنیش لەگەڵیدا لەدایکدەبێت، لەبەرئەوەی منداڵ هەر لەگەڵ لەدایکبونیدا وردە وردە هەستەوەرەکانی بەکاردەهێنێت. ئەگەر بەشێك لەتوانای درکپێکردن سروشتێکی بایۆلۆجی مرۆڤ بێت، ئەوە بەشەکەی تر پەیوەستە بەشارەزایی و لێهاتوویی تاکەکەسەوە دەربارەی شتەکانی دەوروبەری، یاخود ئاشنابوون بەجیهانی دەرەوە، بۆنمونە: کات ، شوێن ، ئاستی ڕۆشنبیری ... هتد، پاشان ئەو زانیارییانە لەئاوەزدا پرۆسەدەکات و لەیادگەدا هەڵیاندەگرێت.

زانستی زمانی درکپێکردن لەزمان ورد دەبێتەوە وەك تێهەڵکێشراوێکی توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی. ئەم لێوردبونەوەیەش لەو کانگایەوە سەرچاوەی گرتوە، کە (زانستی زمانی درکپێکردن) زمان وەك ئامرازێك بۆ ڕێکخستن و چارەسەرکردن و هەڵگرتنی زانیاری دەبینێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ بنەمای (چەمکی و ئەزمونگەری)ەکانی کاتەگۆرییە زمانەوانییەکان بکرێت، کەواتە زانستی زمانی درکپێکردن لەخودی ئەرکی درکپێکردنی زمان دەکۆڵێتەوە. (قادر، ٢٠١٢ :٢) لەم زانستەدا گرنگی بەکۆزانیاریی دەدرێت، کۆزانیاریش بەدروستبوویەکی ئەنجامی کارکردن و کارلێکردنی ئاوەزو جەستەی مرۆڤ بەیەکەوە دەستنیشاندەکات، کە جەستەی مرۆڤ

ئەزموونی دەوروبەرو جیهانی دەرەوە دەکات و پاشان ئەو ئەزمونانە لەئاوەزدا هەڵدەگیرێن و دواتر دەبن بەشارەزایی و بەهۆی زمانەوە ئەم ئەزموون و شارەزاییە بەکۆد دەکرێن، لێرەدا زمان ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئاوەزو جەستەی مرۆڤە گرنگی کۆزانیاریی لەم زانستەدا بەجۆرێکە کە زمان وەك کۆزانیاریی زمانی تەماشادەکات و لێکۆڵینەوە لەزمان دەبێت لەڕوانگەی ئاوەزو زمان و ئەزموونەوە سەرچاوە بگرێت. تەنها زانستە، کە بتوانێت لەڕێگەی گریمانەو شیکردنەوەکانییەوە پەیوەندی نێوان ئاوەزو جەستەو شارەزایی لەکۆزانیاریدا شیبکاتەوە، هەر لەم زانستەشدا کۆزانیاریی ئاوەزیی یەکسان و پەیکاڵدەبێت بەکۆزانیاریی زمانی، کۆزانیاریی زمانیش لەبەکارهێنانی زمانەوە پەیدادەبێت، بەم پێیە پۆلەکان، پێکهاتە سیمانتیکی و سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییەکان لەدرکپێکردن و پەیبردنەکانی مرۆڤەوە لەبۆنەو بەکارهێنانە جیاوازەکانی زمانەوە پەیدادەبن. (ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٣٣)

تیۆری درکپێکردن هەمیشە جەخت لەسەر "گۆڕان"دەکاتەوەو پێیوایە شایەنی گرنگیپێدانە، واتە ئەو گۆڕانانەی لەنێوان (وروژاندن/تێکردە) و (کاردانەوە/دەرکردە)دا ڕوودەدات، یاخود بڵێین: مرۆڤەکان چۆن زانیارییەکان پرۆسەدەکەن و مامەڵەیان لەگەڵدادەکەن، هەروەها چۆن ئەو مامەڵەکردنە دەبێتەهۆی کاردانەوە. (الخيري، ٢٠١٢: ١٥) کەواتە ئەم زانستە گرنگی بە (تێکردە)و (دەرکردە)دەدات، بەجۆرێك بیرو هزری مرۆڤ هەتا تێکردەی "کۆزانیاریی"ەکانی زیاتربێت، بەهەمان شێوەش دەرکردەی زیاتردەبێت، ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا، یان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا. لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستیەی، کە هەر کەموکورتیەك لەتێکردەی بیریدا هەبێت، لەئەنجامدا دەبێتەهۆی لاوازی و لەنگی لەدرکپێکردندا و بەپێچەوانەشەوە. ئاشکرایە هەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی زانیاری بەرفراوان و جۆراوجۆر لەگشت کایەکانی ژیاندا، کە ئەمانەش هەموو پێکەوە دەبنەهۆی دەوڵەمەندبوونی کۆزانیاری تاك، کەواتە هەتاوەکو تێکردە زۆرتربێت لەبەرانبەردا دەرکردەش زۆرتردەبێت و بەمەش درکپێکردنیش بەهێزترو تۆکمەتردەبێت.

پرۆسەی درکپێکردن لەهەنگاوی یەکەمدا پەیبردنە بەکۆزانیارییە ناوەکی و دەرەکیەکان لەڕێگەی هەستەوەرەکانی مرۆڤەوە پاشان بەکۆدکردنی لەئاوەزدا، کەواتە ئاخاوتن یان بەرجەستەکردنی زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەپرۆسەی درکپێکردندا، پرۆسەکە لەڕێگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و بۆ ماوەیی گوێزانەوە دەبێت، ئەو هۆکارانەی کاردەکەنەسەر درکپێکردنی تاك لەڕێگەی زمانەوە بریتیین لە: کۆزانیاری، زانست و زانیاری، ڕۆشنبیری، کلتورو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لەو چوارچێوەیەشدا (مرۆڤ لەڕێگەی پێنج هەستەوەرەکەیەوە لەشتە هەستپێکراوەکانی چواردەوریدا بەئاسانی و ڕاستەوخۆ تێدەگات، لەکاتێکدا بەناڕاستەوخۆ لەڕێگەی هەمان ئەو کەناڵە هەستپێکراوانەوە لەشتە هەستپێنەکراوو هزرییەکان تێدەگات بەئامانجی نزیکردنەوەی وێنە هزرییەکان و لێکچواندنیان بەوێنە هەستپێکراوەکان لەلای وەرگر.) (حسین دزەیی، ٢٠١٤: ٥٩) کەواتە پرۆسەی زمانەوانی درکپێکردن بەمەبەستی بەرجەستەکردنی وێنە زەینی و هزرییەکان لەشێوەی وێنەی هەستپێکراودا کاردەکات بۆ تێگەیشتن و نزیکردنەوەو پاشان چەسپاندنی وێنە هەستپێنەکراوەکان لەمێشکی وەرگردا.

زانستی زمانی درکپێکردن بەنوێترین توێژینەوەی زانستی لەبواری زانستی زماندا دادەنرێت، کە گرنگی بەلایەنی هزری و پرۆسە ئاوەزییەکان و توانا درکپێکراوە یارمەتیدەرەکان لەپرۆسەی شیکردنەوەی ئاخاوتندا دەدات. ئەم لقە زانستە پەیوەندی بە(زمانەوانی دەرونی، زمانەوانی ئاوەزیی ، لێهاتوییە درکپێکراوەکان ، فەلسەفەی ئاوەزیی، ژیریی دروستکراوو دەروننامی درکپێکردنەوە) هەیە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی لەچەندین دیاردەی درکپێکراو و ئاوەزیی دیکەدا هەیە، بەو پێیەش دەبینین پەلیکێشاوە بۆ زۆربەی ئەزموونە زمانەوانییە مرۆییەکان لەجیهاندا و بەپردی پەیوەندی نێوان سەرجەم توانا هزرییەکان دادەنرێت، واتە لێکۆڵینەوە لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان زمان و بیرکردنەوە دەکات. (حسین دزەیی، ٢٠١٤: ٥٤) زانایانی بواری درکپێکردن، زمان بەبەهرەیەکی ئاوەزیی درکپێکراو هەژمار دەکەن، چونکە زمان ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی زانیاریو ئەزموونو چارەسەرکردنیان، پاشان گواستنەوەیان، کەواتە دەتوانین بڵێین، کە زمانەوانی درکپێکردن تیشکدەخاتەسەر وێنە ئاوەزیی و گۆڕانکارییە درکپێکراوەکان. پرۆسەکانی درکپێکردن بەکارهێنانی زمانیان جڵەوکردووە بەتایبەت لەدروستکردنی واتاو گەیاندنی بەوەرگر، لەڕووی پرنسیپەوە هەمان توانا درکپێکراوەکانی ترن ، بۆ نموونە، ئەو توانا درکپێکراوانەی لەسەر وتارو ئاخاوتن و تێگەیشتنی زمان بەکاریاندەهێنین جیاوازی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ درکپێکراوەکانی تردا وەك بیرکردنەوەو چالاکیی جوڵەیی.( Cruse and Croft, 2004: 2)

(٣/١) سیمانتیکی درکپێکردن (Cognitive Semantics) :

سیمانتیکی درکپێکردن لەساڵەکانی حەفتاکانەوە، وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر ئەو تیۆرانەی لەوکاتەدا دەربارەی زمان بەگشتی و واتای زمانی بەتایبەتی لەئارادابوون هاتەکایەوە. (سیمانتیکی درکپێکردن بەتوانای درکپێکردنی مرۆڤ دانراوە.) (حسێن، ٢٠٢١: ٢١) کەواتە سیمانتیکی درکپێکردن بەهۆی بەرجەستەکردنی جیهانی دەرەوە، ئەو (واتا)یانەی لەفەرهەنگی ئاوەزییدا تۆمارکراون، لەئەنجامی ئەزموون و لێهاتوویی و شارەزایی مرۆڤەکانن، کە لەڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بەهۆی بەرکەوتنیان لەگەڵ دنیای دەرەوە بەدەستهێنراون و لەئاوەزیدا بەکۆدکراون.

سیمانتیکی درکپێکردن چوار بنەمایان کردووەتە بناغە بۆ کارەکانی خۆیان، ئەوانیش بریتین لە:

١- دروستەی چەمکی بەرجەستەکراوە: یەکێك لەتیۆرییە بنچینەییەکانی زانستی زمانی درکپێکردن بریتییە لەبەرجەستەکردنی زمان، واتە دەربڕینەکان هەڵگری بنیاتی ناوەکیین: سیستەمی چەمکی مرۆڤ، کە لەئەزموونی جەستەمانەوە سەرچاوەی گرتووە، سیستەمێکی واتادارە، کەواتە هەر تیۆرێك لەبنیاتە چەمکییەکاندا پێویستە لەجیهانی دەوروبەریدا هەماهەنگی ئەزموونەکانیبێت. (احمد، نەریمان حەسەن، ٢٠١٧: ٥٢ ) شیکردنەوەی واقیع پەیوەستە بەبەرجەستەکردنەکانی خودی مرۆڤ خۆیەوە بۆی، کەواتە مرۆڤ لەڕێگەی هەستەوەرەکانیەوە ئەزموونی جیهانی دەرەوە دەکات و پاشان ئەو شارەزایی و ئەزموونانە لەئاوەزیدا هەڵدەگرێت و لەئەنجامدا لەڕێگەی زمانەوە دەریاندەبڕێت.

٢- دروستەی سیمانتیکی، دروستەی چەمکیە: سیمانتیکی درکپێکردن گریمانەی ئەوە دەکات، کە بیروبۆچوون و هەست و چۆنێتی پەیبردن و دنیابینی... بەنەرێتی لەزماندا کۆدکراوەو لەبەرئەوەیە دروستەی سیمانتیکی هاوتای دروستەی چەمکییە، ئەمەش بەو مانایە نییە، کە ئەم دوانە پەیکاڵی یەکن، نموونەش بۆ ئەمە خودی (چەمك) خۆیەتی. (حسێن، ٢٠٢١: ٢٢) لێرەدا دوو بۆچوونی جیاواز دەربارەی واتا دەخرێتەڕوو، بۆچوونی دروستەی سیمانتیکی لەگەڵ بۆچوونی دروستەی چەمکییانە، ئاشکرایە واتای دروستەی سیمانتیکی لەسەر بنەمای وشەکان و پەیوەندییان بەجیهانی دەرەوە دانراوە، کە هەر وشەیەك بەرانبەر بەشتێکی دیاریکراوە لەدەرەوەی زمانداو خاوەنی نیشانەی واتایی تایبەت بەخۆیەتی. لێرەدا نمونەیەك لەبارەی (دروستەی سیمانتیکی و دروستەی چەمکی) دەخەینەڕوو، بۆنمونە: وشەی (سێو)

+ میوە

+ سێ ڕەنگ (سور ، سەوز، سەوز)

+ هەر چوار وەرزەکە هەیە

لێرەدا دروستەی سیمانتیکی وشەی (سێو) بریتییە لەوەی میوەیەکە، بەسێ ڕەنگ هەیەو هەر چوار وەرزەکە بەردەستە، بەڵام تێڕوانینی دووەم پەیوەستە بەسەرنجی سیمانتیکی درکپێکردنەوە بۆ واتا، کە دروستەی چەمکیانەیەو تەواو جیاوازە لەدروستەی سیمانتیکی، چونکە واتا پەیوەستە بەو چەمکانەی، کە لەئاوەزی مرۆڤدا هەن و لەڕێگەی ئەزمون و شارەزاییەوە بەهۆی هەستەوەرەکانەوە بەدەستهێنراون، کەواتە تێڕوانینی دووەم بۆ وشەی (سێو) لەکۆمەڵگای کوردیدا خاوەنی واتایەکی قووڵ و جیاوازە، کە بریتییە لە (هێمایەك بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە)و هەروەها لەڕووی ئاینیەوە (هێمایەکە بۆ خواردنی سێو لەلایەن ئادەمەوەو بەوهۆیەوە خرایە دۆزەخ) و لەڕوانگەی زانستییەوە (هێمایەکە بۆ هێزی کێشکردنی نیوتن) و لەڕوانگەی زانایان و پسپۆڕانی بواری زمان و دەرونزانیشەوە (هێمایەکە بۆ چیرۆکە بەناوبانگەکەی بلۆمفیڵد لەڕوانگەی کارلێکردن و کاردانەوەوە).

٣- پەیبردن بەواتا، لەڕێگەی ئینسکلۆپیدیاوەیە، بەواتایەکی تر بۆ درکی واتای دەربڕینێك پێویستە لەواتای ئینسکلۆپیدیایی پەیوەست بەپێگەی تایبەتی و پارچەکانی دیکەی دەربڕینەکە سود وەربگرین. (احمد، نەریمان حەسەن، ٢٠١٧: ٥٢) بەجۆرێکی تر بڵێین: درکی واتا پێویستی بەکۆزانیاری ئینسکلۆپیدیایی هەیە، و تەنها پەیوەست نییە بەزانیاریە زمانەوانییەکانەوە، چونکە درکردنی واتا ڕۆچووەتە ناو پرۆسەی درکپێکردنەوە. (حسێن دزەیی، ٢٠١٤: ٥٧) ئەم بنەمایە زیاتر گرنگی بەئینسکلۆپیدییانەی واتای وشەدەدات، کەدارشتەی سیمانتیکی سروشتێکی ئینسکلۆپیدیای هەیە، مەبەست لەوەیە کە وشەکان خاوەنی واتایەکی دیاریکراو نین، کە لەفەرهەنگدا تۆمارکراون، بەڵکو هەر وشەیەك بەپێی دابو نەریت و کلتوری ئەو میللەتەی هەڵگری چەندین واتای جۆراوجۆرو جیاوازن، کە لەڕێگەی ئەزمونەوە بەدەستهێنراون و لەفەرهەنگی ئاوەزدا تۆمارکراون، ئەمە سەبارەت بەکۆی گشتی قسەپێکەرانی زمانێك، بەڵام ئەگەر لەڕوانگەی تاکەکەسیەوە لێیبکۆڵینەوە، ئەوە دابو نەریت و کلتوری میللەتەکەو چۆنیەتی ڕێککەوتنی کۆمەڵگا بەگشتی بۆ وشەیەك و ئەزمونی تاکەکەسی بەتایبەتی لەڕوانگەی ئاستی ڕۆشنبیری و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەرونیی و بیروبۆچوونی سیاسی وبارودۆخی دارایی و ئەو ژینگەیەی تاك تێیدا دەژی ئەمانە هەموویان پێکەوە دەبنە کۆزانیاری تاك بۆ وشەکانی زمان، کە چەمکی وشەکەیان لەئاوەزی تاکدا دارشتوە، کە بەهۆی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤەوە بەدەستهێنراون، کەواتە تێگەیشتنی تاك بۆ جیهانی دەوروبەری زۆر گرنگە، کە ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی کە (زمان ڕەنگدانەوەی جیهانی ڕاستیی و واقیع نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پەیپێبردن و خوێندنەوەو تێگەیشتنی کەسەکانە بۆ واقیع. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، کۆزانیاری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و مەرج نیە هەموو بەکارهێنەرێکی زمانێکی دیاریکراو چەمکەکانیان، کە بەرهەم هاتووی کۆزانیارییەکانیانە، وەك یەك بن بەڵکو بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت. هەروەها گرنگیدان بەواتایەکی دیاریکراوی چەمکێك و دانانی بەشاوەچەی چەمکەکە دیسان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.) (ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٤١ - ٤٢) بۆنموونە وشەی (جەرگ) لێرەدا کۆمەڵە واتایەکی لەخۆگرتووە، کە واتاکەی چەسپاوو دیاریکراو نییە، بەمەبەستی تێگەیشتن لەئاخێوەر پەنادەبرێتەبەر کۆزانیاری ئینسکلۆپیدیای هەریەك لەو وشانەو بەوشەی (جەرگ)ەوە پەیوەستبکەین و بەپێی هەلومەرجەکان لەواتاکەی تێبگەین:

-جەرگم ئازاری هەیە. (جگەر ئەندامێکی جەستەیە، وشەی (جەرگ)یش لەهەندێك ناوچە لەبری (جگەر) بەکاردێت، لێرەدا مەبەست لەوەیە ئەو ئەندامە ئازاری هەیە)

-جەرگم ژان دەکات بۆی. (خەفەتی بۆ دەخۆم)

-جەرگم برا. (ترسام ، یاخود زۆر هیلاکبووم)

-جەرگت نەسوتێت. (منداڵت نەمرێت)

-ناو جەرگت بەئاو بێت. (بۆ دوعالێکردن بەکاردێت)

خستنەڕووی نمونەیەکی تر تایبەت بەوشەی (سك)ەوە:

-سکم ئازاری هەیە. (ئەندامێکی جەستەیەو ئازاری هەیە)

-ناوسکم برا. (ترسام ، یاخود زۆر هیلاکبووم)

-سك نەسوتێت. (منداڵت نەمرێت)

-ناوسکت بەکۆی (زوخاڵ/ خەڵوز) بێت. (بۆ دوعالێکردن بەکاردێت)

زانایانی بواری زانستی زمانی درکپێکردن ئاستی سیمانتیك و پراگماتیك لێکجیاناکەنەوە، چونکە وایدەبینن، کە هیچ سنورو بەربەستێك لەنێوانیاندانییە، هەربۆیە هەردووکیان کراون بەیەك، و بەکۆزانیاریی ئینسکلۆپیدیایی ناسێنراون، چونکە لەهەردوو بارەکەدا واتاکان ئاساندێنەدەست، کە ئەم ئاسانی بەدەستەوە هاتنەش لەئەنجامی پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ چواردەورو بارودۆخی ژیان و واقیعی ڕۆژانەدا سەرچاوەیگرتووە، کە توانای دروستکردنی جیهانێکی بۆ خۆی هەیە، ئەمەش بەو واتایەی، کە واتای زمانیی تەواوکاردەبێت لەگەڵ سەرجەم ئەزموونە زمانییە دەربڕاوەکانداو دواجار گونجاندنی و یەکانگیربوونی دەربڕاوەکان لەگەڵ بارودۆخی بەکارهێناندا. (حسین دزەیی، ٢٠١٤: ٥٧).

٤- پێکهێنانی واتای زمانی بریتییە لەبەچەمککردن: سیمانتیکی درکپێکردن بەتەواوەتی جیهانی دەرەوە ڕەتناکاتەوە، چونکە جیهانی دەرەوە کاریگەری هەیە، بەڵام بەوجۆرەی مرۆڤ لەڕێگەی ئەزموون و شارەزاییەوە درکپێدەکات، کەواتە واتای زمانی لەڕێگەی ئاوەزی مرۆڤەوە

دەستەبەردەبێت، چونکە (یاساو ڕێساکانی زمان بریتییە لەپرۆسەی ڕێکخستنی درکپێکردنی چەمکەکان، بەبێ ئەو یاساو ڕێسایانە سەرجەم چەمکەکان پەرتەوازەدەبن و درکپێکردن و تێگەیشتنیان ئەستەم و مەحاڵدەبێت، لەبەرئەوەی یاساو ڕێسا سینتاکسیەکان تەنها سیستمێکی زمانی نین، بەڵکو سیستەمێکی ئاوەزین، هەربۆیە زانایانی ئەم بوارە پێیانوایە، کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان زمانی ڕاستەقینەو زمانی مەجازدا نییە، چونکە هەردووکیان دوو ئامرازن بۆ گوزارشتکردن لەواتاو درکپێکراوە ئاوەزییەکاندا.) (حسین دزەیی، ٢٠١٤: ٦٠).

(٤/١) تیۆری تۆڕی سیمانتیکی (Semantic Network ):

هەریەکە لە (لاکاف و برۆگمان/ Claudia Brugman &George Lakoff) زاراوەی (تۆڕی سیمانتیکی)یان لەچوارچێوەی (سیمانتیکی درکپێکردن)دا بەکارهێناوە، کە تایبەتە بەشیکردنەوەی واتا. ئاشکرایە (وشە) ئەو یەکە زمانیەیە، کە لەفەرهەنگدا تۆمارکراوە، وشە دووجۆر واتا لەخۆدەگرێت، یەکێکیان واتای سەرەکی و بنجییەو لەفەرهەنگدا تۆمارکراوەو بە(کرۆکەواتا) ناودەبرێت، دووەمیشیان بریتیە لەو واتایانەی، کە لەکرۆکەواتاوە سەرچاوەیانگرتووەو پێیاندەوترێت (توێکڵەواتا).

(کرۆکەواتاو توێکڵەواتا لەسیمانتیکی درکپێکردندا بەتیۆری (تۆڕی سیمانتیکی) لێکدراوەتەوە). (احمد، نەریمان حەسەن، ٢٠١٧: ٧٤) لەمۆدێلی تۆڕی سیمانتیکیدا، واتایەکی بنجی(Core meaning) بۆ وشەکە لەبەرچاودەگیرێت، ئەو واتایانەیتر، کە نوێن و لەهەمان وشەوە وەردەگیرێن، دەبنە تیشکی کرۆکەواتا، واتە لەئەنجامی فراوانبوونی کرۆکەواتاکەوە واتاکانی دیکە بەرهەمدێت، لەئەنجامدا کرۆکەواتاکەو تیشکەکانی تۆڕێکی واتایی دروستدەکەن، کەپێیدەگوترێت (تۆڕی تیشکدانەوە/radial net) (سەرچاوەی پێشوو: ٧٦) تۆڕی سیمانتیکی

تۆڕی سیماتیکی بریتیەلە پاشخانێکی فراوانی ڕەنگدانەوەی زانیاریی لەچوارچێوەی پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان بەستەرەچەق و واتا لاوەکییە پەیوەستدارەکانەوە. (Sowa, 1992: 1)، یاخود دەتوانین بڵێین بریتییەلەو تۆڕەی، کە پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی نێوان چەمکەکان دەنوێنێت و داڕشتەیەکی نەخشەییە، نەخشەی ئەو پەیوەندییانە دەکێشێت، کە وشەکانی زمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. (ئیبراهیم، ٢٠١٩: ٧١)
وشە سەرەکییەکان لەتۆڕی سیمانتیکیدا بریتین لەبەستەرەچەقی بەستراو بەپەیوەندیی هەمەجۆری نێوانیان، کە وێنەیەکی فراوانی واتاداری لەتۆڕنراو پێشکەشدەکەن، هەربۆیە هەندێ کات وشە دووبارەکراوەکان لەدوو دەق جیاوازدا هەمان واتا نابەخشن، ئەمەش ئەو ڕێچکەو ڕێگەیەیە، کە تۆڕی سیمانتیکی دەیگرێتەبەر بۆ ڕوونکردنەوەی واتای نێوان وشەکان لەدەقەکاندا، چونکە خستنەڕووی واتاکان لەتۆڕی سیمانتیکیدا پەیوەستە بەپەیوەندیی نێوان وشە بەستراوەکاندا بەبەستەرەچەقەوە، کە لەتۆڕی تیشکدەریدا ڕەنگیانداوەتەوە.(Doerfel, 1998: 17-18 )
پەیوەندییە سەرەکییەکانی تۆڕی سیمانتیکی خۆیان لەنێوان شێوازە جۆراوجۆرەکانی وشەو واتاکانیان دەبیننەوە، هەربۆیە وشەهاوواتاکان پەیوەستن بەچەقێکی واتایی دیاریکراوی تایبەت بەخۆیانەوە، لەهەمانکاتدا دەتوانرێت لەڕێگەی کۆمەڵێك پەیوەندی هەمەجۆرەوە وشە دژبەیەکەکانیش بەیەکەوە ببەسترێنەوە وەك ڕەش و سپی. (Steyversa & Tenenbaumb, 2005: 51)
پێویستە واتاکان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەوشە بەکارهێنراوەکانەوە هەبێت، چونکە تۆڕی سیمانتیکی لەسەر بنەمای ئەم ڕێگایانە دروستدەبێت:

١- پەیوەندی نێوان وشەکان لەناو دەقدا.
٢- شیکردنەوەی واتای ناو دەقەکان.
٣- لێکدانەوەی واتای وشەی ناو دەقەکان. (Doerfel, 1998: 16-17)

بێگومان دەوڵەمەندبوونی زمانی مرۆڤ لەهەر چین و نەتەوەیەکدا پەیوەستە بەگەشەکردنی ئەو زمانە لەڕێگەی پەنابردنەبەر دووبارەکردنەوەی دەربڕین و بەکارهێنانی هەمان وشە، بەڵام بۆ مەبەست و واتای جیاوازتر .(Lee & Hendler & Lassilla, 2001:2 ) میکانیزمی گەشەکردنی واتاکان لەڕێگەی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان وشەو واتاکان دروستدەبێت، کە دواجار کاردانەوەو ڕۆڵی دەبێت لەبەرەوپێشبردن و گەشەکردنی زمان، یاخود وەرگرتن و فێربوونی زمان یان هەردوکیان، هەربۆیە نمونەیەکی بچوك و سادەو ساکاری تایبەت بەتۆڕی سیمانتیکی دەمانگەیەنێتە بەدەستهێنانی ژمارەیەکی زۆری واتای دروستکراو و بەدەستهاتوو لەڕێگەی ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان وشەکاندا هەیە. ئەو پۆلێن و ریزبەندییەی لەڕێگەیانەوە واتاکان بەدەستدەهێنرێت کارێکی ئێجگار نایاب و بایەخدارن بۆ دیاریکردنی سنووری پەیوەندیی نێوانیان، چونکە ئەو واتایانەی لەکەمترین ماوەدا لەفەرهەنگی ئاوەزیی دروستدەبن و جێگەی خۆیان لەتۆڕی سیمانتیکیدا دەکەنەوە ڕۆڵی زیاتریان دەبێت لەدروستکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان وشەکانداو دواتر گەیاندیان بەگوێگر یان خوێنەر. (Steyversa & Tenenbaumb, 2005: 44)
زۆربەی کات واتای وشەیەك، یاخود سەرهەڵدانی چەمکێکی نوێ لەبوونی واتای وشەو چەمکێکی کۆنەوە دروستدەبێت، کە جیاوازیی لەناوەڕۆکیاندا هەیە، بەدیاریکراوییش، کاتێك وشەیەك یان چەمکێکی سەرەکی بۆ تۆڕی سیمانتیکی زیاد دەکرێت ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت، کە واتای جیاوازتر دەبەخشێت لەواتای ئەو وشە سەرەکییەی، کە لەپێشتریدا هەبووەو پەیوەستبووە بەهەمان بوارەوە. (Steyversa & Tenenbaumb, 2005: 56)

پەیوەندی نێوان وشەکان و دووبارەبوونەوەیان لەتۆڕە سیمانتیکییەکاندا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانکارییە واتاییەکانی ناو دەقەکان و پاشان فراوانبوونی واتاکانیان بەبێ ئەوەی زیان بەواتاکانی پێشوویان بگەیەنێت، یاخود لەبەهایان کەمبکاتەوە. (Doerfel, 1998: 23)

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە شیکردنەوەو لێکدانەوە بۆ یەکەیەکی زمانی بکرێت، کە ئەویش (ئیدیەم)ە، لەڕوانگەی توانادرکپێکراوەکانەوە، کەبریتییە لەهەستەوەرەکان، لەگەڵ تیۆری(تۆڕی سیمانتیکی)، کە یەکێکە لەبابەتە گرنگەکانی سیمانتیکی درکپێکردن، کە لەواتای وشە دەکۆڵێتەوە. کەواتە بەشێوەیەکی کارەکی کار لەسەر تێگەیشتن و لێکدانەوە بۆ ئیدیەم لەڕوانگەی هەستەوەرەکانەوە دەکرێت، پاشان پەیوەست

**بەتیۆری تۆڕی سیمانتیکییەوە، کرۆکەواتاو توێکڵەواتای وشەکانی ناو ئیدیەم شیدەکرێنەوە.**

**واتا نوێیەکان لەکرۆکەواتاوە سەرچاوەیانگرتووە، فراوانبوونەکە بەدوو شێوازدەبێت:**

**شێوازی یەکەم: فراوانبوونی گشتگیر، هەندێکجار بەگۆڕانکارییەکی کەم و لاوەکی لەوشەکەدا، واتایەکی دیکە بەرهەمدێت، ئەم واتایە واتای خوازەیی نییە، بەڵکو لەچوارچێوەی کرۆکەواتاکەدایە، بۆنموونە:**

**بەرد – بەردەڵان – بەردەقارەمانی**

**شێوازی دووەم: فراوانبوونی واتا لەمەودای خوازەیی (مجازی)دا لەم شێوازەدا واتا نوێیەکە لەسنووری کرۆکەواتاکە دەترازێنرێت و واتای خوازەیی هەڵدەگرێت، وەك بەکارهێنانی ئیدیەمەکان لەقسەکردندا. (احمد، نەریمان حەسەن، ٢٠١٧: ٧٦) بۆنموونە کرۆکەواتای وشەی (سەر) بریتییەلە: ئەندامێکی لەشی مرۆڤ، بەڵام لەم پێکهاتانەدا چەندین واتای تری لێکەوتووەتەوە، کە پێیاندەوترێت (تونێکڵەواتا):**

**سەرم ئازاری هەیە. (سەر) ئەندامێکی جەستەیە (کرۆکەواتا)**

**سەرسەری. خوێری (تونێکڵەواتا)**

**سەربەگۆبەن. ئاژاوەگێڕ (تونێکڵەواتا)**

**سەرەتاتکێ. چاودێریکردن (تونێکڵەواتا)**

**سەرەداو. دۆزینەوەی سەرەتایەك دەربارەی بابەتێکی نادیار (تونێکڵەواتا)**

**سەری لەهەموو شتێك دەردەچێت. وریا (تونێکڵەواتا)**


**سەرێکی هەیەو هەزار سەودا. فێڵباز (تونێکڵەواتا)**

**سەرە واو لەسکیدانییە. نەزان (تونێکڵەواتا)**

**سەرمایەدار. دەوڵەمەند (تونێکڵەواتا)**

**سەری بۆی دەخورێت. حەزی لێیەتی (تونێکڵەواتا)**

**سەری پێوەنییە. ئامادەیە (تونێکڵەواتا)**




**تۆڕی تیشکدەرەوەیی**

**هێلکاری (١)**

**دیاریکردنی کرۆکەواتا لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یاخود لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازە، کە ئەمەش کەوتووەتەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، بێگومان مەرجە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لەیەکترییەوە نزیکبن ، تاوەکو بتوانن واتایەك بەهاوبەش و سەرەکی هەژماربکەن، کە دەبێتە کرۆکەواتاو لەفەرهەنگی ئاوەزی تاکی ئەو میللەتەدا تۆماردەکرێت.**

**بەشی دووەم: ئیدیەم پەیوەست بەتواناداڕکپێکردنەکان و تۆڕی سیمانتیکییەوە**

**(١/٢) ئیدیەم پەیوەست بەچەشنو جۆری پێکهاتەی تواناداڕکپێکردنەکان و تۆڕی سیمانتیکییەوە:**

**ئاخێوەر کاتێك پەیامێك ئاڕاستەی گوێگر دەکات، هەوڵدەدات وتەکانی کاریگەری و هێز جێبهێڵێت، تاوەکو ببێتە جێگەی متمانەو ڕازیکردنی بەرامبەر، لەپێناوی بەدەستهێنانی ئەم مەرامە پەنادەباتەبەر چەندین شێوازو ڕێگە، یەکێك لەوانە بریتییە لە(ئیدیەم)، کە دەربڕاوێکی ئامادەکراوە لەزماندا، کە ناتوانرێت واتاکەی لەواتای وشەپێکهێنەرەکانیەوە بەدەستبهێنرێت. یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ئیدیەم ئەوەیە، کە لێڵەو ڕاستەوخۆ واتاکەی بەدەستەوە نادات، هەربۆیە ئاخێوەر بەمەبەستی تۆکمەکردنی دەربڕینەکانی بەکەمترین وزەو لەکەمترین کاتداو بەپێی پێویست لەکاتو شوێنی دیاریکراودا پەنادەباتەبەر بەکارهێنانی نمونەی گونجاوی ئیدیەم پەیوەست بەبابەتەکەوە.**

**ئیدیەم لەڕووی ڕێزمانییەوە بەسەر سێ جۆردا دابەشدەبێت: (فتاح، ٢٠١٠: ١٦٨)**

**١. وشەی لێکدراوی ئیدیەمی: چاوچنۆك ، زمان درێژ....**

**٢. فرێزی ئیدیەمی: مانگا بەکەڵ ، چاو لەدەر....**

**٣. ڕستەی ئیدیەمی: باڵی لێ پەیدابووە ، ئاویان کردە ژێر....**

**دەربڕاوەکانی ئیدیەم پێشتر لەلایەن تاکەکەسەوە ئەزمونکراون، کە لەئێستادا خاوەنەکەی نادیارە، پاشان بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی لەکۆمەڵگاداو جێگای خۆیگرتووەو لەهۆشو هزری تاکی ئەو میللەتەدا چەسپیوە. مەرج نییە هەمووکات ئەزمونکردنەکەو دەربڕینەکە هەمان شت بێت، واتە هەندێکجار ئەزمونکردنەکە بەهۆی هەستەوەرێکەوەیەو دەربڕینەکە بەهۆی هەستەوەرێکی تر، یاخود چەند هەستەوەرێکی ترەوە خراوەتەڕوو، بۆنمونە: (تاڵی و سوێری زۆر چەشتوە)، لێرەدا بەهۆی شارەزاییەوە لەڕێگەی (هەستی بینین)ەوە گەیشتووتە ئەو ڕاستیەی، کە هەندێك کەس نارەحەتی و ناخۆشی زۆر لەژیاندا بینیووە، بەڵام لەڕێگەی (هەستی تامکردن)ەوە پەیامەکەی خستووەتەڕوو.**

**پرۆسەی درکپێکردن لەهەنگاوی یەکەمدا پەیبردنە بەکۆزانیاری ناوەکی و دەرەکییەکان، کە بەهۆی کاریگەری شارەزایی و کارامەیی و سەرنجو تێڕوانین و ئەزمونی تاکەکەسەوە بەهۆی ژینگەو دابو نەریت و کلتورو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە بەدەستهێناوەو پاشان لەڕێگەی توانادرکپێکردنەکانەوە (پێنج هەستەوەرەکە) بەرجەستەکراوەو پاشان لەئاوەزدا بەکۆدکراوە، کەواتە سیمانتیکی درکپێکردن لەڕێگەی زمانەوە لەتوانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، چونکە کاروبواری سەرەکی سیمانتیکی درکپێکردن بریتییە لەگەڕان و دۆزینەوەی نێوان کارامەیی و سیستەمی چەمکییانە لەگەڵ داڕشتەی سیمانتیکی بەکۆدکراو لەلایەن زمانەوە. ئەو کۆزانیارییانەی لەئاوەزی تاکدا هەڵگیراون چەکەرەو بەرهەمی مامەڵەکردنی تاکە لەگەڵ ژینگەو جیهانی دەرەوەدا، کە بەهۆی هەستەوەرەکانەوە بەدەستهێناوە، کەواتە سیمانتیکی درکپێکردن جیهانی دەرەوە ڕەتناکاتەوە، بەڵکو کۆزانیارییەکان ئاڕاستەی ئاوەزی تاکدەکات و لەوێشەوە دەستدەکات بەپرۆسێسکردن و پاکژکردنەوەی لەشتە زیادەکان و لەهەمانکاتدا شتە گرنگەکان دەپارێزێت و دواتر دەینێرێتەوە بۆ مێشك. پرۆسەی درکپێکردن کاتێك ڕوودەدات، کە هەموو هەستەوەرەکانی تاك تەواو و بێ کەموکوڕی و بێ خەوش بێت، بەڵام ئەگەر کەموکوڕی لەیەکێکیاندا هەبێت، ئەوا کەلێن دەکەوێتە پرۆسەکەوە، بۆنمونە ئەگەر مرۆڤ کوێر یان کەڕبێت، ئەوە ناتوانێت هەست بەڕوناکییەکان یان دەنگەکان بکات و لەئەنجامدا درکپێکردن لەو بوارەدا ڕوونادات.**


**پەیوەندی نێوان توانادرکپێکردنەکان و ئیدیەم پەیوەندییەکی بەهێزو تۆکمەیە، لەبەرئەوەی بەئاشکرا هەست بەڕەنگدانەوەی هەستەوەرەکان لەئەزمونکردنی جیهانی دەرەوە لەلایەن خاوەنی دەربڕاوی ئیدیەمەوە دەکەین و، پاشان دووبارەکردنەوەی لەلایەن قسەپێکەرانی کۆمەڵگاوە. قاڵبە درکپێکردنەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەهەستەوەرەکانەوە هەیە، هەربۆیە ئاماژە بەهەر پێنج هەستەوەرەکە دەکەین لەگەڵ نمونەی گونجاوی ئیدیەم لەبارەی هەریەکەیانەوە دەخەینەڕوو، هەروەها بەشێوەیەکی کارەکی شیکردنەوەو لێکدانەوە بۆ (ئیدیەم) دەکەین، پەیوەست بەتیۆری(تۆڕی سیمانتیکی)یەوە، کە لەواتای وشە دەکۆڵێتەوە، کرۆکەواتاو توێکڵەواتای وشەکانی ناو ئیدیەم شیدەکەینەوە، چونکە فراوانبوونی واتا لەمەودای خوازەییدا، واتا نوێیەکە لەسنووری کرۆکەواتاکە دەترازێنرێت و واتای خوازەیی هەڵدەگرێت، وەك بەکارهێنانی ئیدیەمەکان لەئاخاوتندا:**

**(١/٢ – ١) هەستی بینین (Visual Sensation) :**

**هەستی (بینین) بەهۆکارێکی گرنگ و سەرەکی هەژماردەکرێت، ئاخێوەر لەڕێگەی هەستی بینینەوە بەهۆی ئەزمون و شارەزایی و کارامەیی تاکەکەسی لەجیهانی دەرەوە واتا بۆ شتەکانی دەوروبەری دادەڕێژێت و دواتر دەیگوێزێتەوە بۆ هزرو پاشان لەڕێگەی چەندین دەربڕینی جیاوازو جۆراوجۆرەوە دەیدرکێنێت. هەستی بینین هۆکارێکە بۆ دەربڕین و داڕشتەی زمانی جیاواز، چونکە هەریەکەیان بەپێی شارەزایی و بیرو هزری دەتوانێت لەگۆشەنیگای جیاوازەوە واتای جیاوازی لێهەڵهێنجرێت و درکپێبکرێت لەڕێگەی زمانەوە دەربڕێت و بەرجەستەیبکات. هەستی بینین بەیەکێك لەهەستە گرنگ و سەرەکییەکان هەژماردەکرێت و دەبێتەهۆی داڕشتن و بەرهەمهێنانی پەندو ئیدیەم و میتافۆر بۆ زمان، کەواتە هەستی بینین و درکپێکردنی بینراو زمان دەوڵەمەند دەکات و دەربڕاوی جیاواز لەگۆشەنیگای جیاوازەوە بەرهەمدەهێنێت. مرۆڤ ڕۆژانە ژمارەیەکی بێشومار وێنە دێتەبەرچاوی، کە مەرج نییە هەموویان واتادار، یاخود گرنگ بن، بەڵکو تەنها ئەوانە لەئاوەزدا دەپارێزێت، کەتاك بەلایەوە گرنگە. زمانی بینراو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەسەرجەم کایەو بوارەکانی ژیاندا. لەهەستی بینیندا (چاو) تاکە ئەندامەو بەرپرسە لەکۆی گشتی پرۆسەکە، چونکە بەهۆی چاوەوە دیمەنەکان بەرجەستەدەکرێن و دواتر ئاڕاستەی مێشك دەکرێن، پاشان لەڕێگەی (زمان)ەوە دەرهاویشتەی جیهانی دەرەوە دەکرێن. ڕەنگدانەوەی ئەم هەستەوەرە لەسەر ئیدیەم بەئاشکرا دیارە، بەبەڵگەی هەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆرو بێ شومار لەمبارەیەوە بەردەستە. بۆنمونە: کاتێك دەوترێت:(دوو شەشیەتی)، لەیاری تاوڵەو دۆمینەدا (زار) هەڵدەدرێت، نیشانەی بەخت ئەوەیە کەسەکە دوو و شەشی بۆ دەربچێت، کەواتە (دوو شەشیەتی) بەکەسێك دەوترێت، کە خوای گەورە یارو یاوەری بێت و لەبوارێك یان لەگشت بوارەکانی ژیانیدا دڵخۆش و بەختەوەربێت. نموونەیەکی تر لەمبارەیەوە، کە دەوترێت: (ئاوڕ لەکەس ناداتەوە) لەئەنجامی ئەزمونکردنی تاکەوە بەهۆی هەستی بینینەوە، درکی بەو ڕاستییەکردووە، کە کەسێك باری دارایی بەهێزدەبێت، یاخود هەر لایەنێکی تری ژیان بێت، کەسەکە لەخۆی دەگۆڕێت و دەوروبەرەکەی بیردەچێتەوەو لەکەس ناپرسێتەوە.**

ڕۆژانە کۆمەڵێك ئیدیەممان بەرگوێدەکەوێت، کە پەیوەستن بەوشەی (چاو)ەوە، ئاشکرایە بەرچاوکەوتنی وێنەکان بەهۆی چاوەوە ڕوودەدات، هەربۆیە لەهەندێك دارِشتەی زمانی ئیدیەمدا وشەی (چاو) کراوەتە تەوەری سەرەکی باسەکەو ڕاستەوخۆ پەیامەکە دەپێکن و سەنگ و بەهایەکی زیاتر بەباسەکەدەدەن، کە کرۆکەواتای وشەی (چاو) بریتییەلە: (ئەندامێکی جەستە)، بەڵام توێکڵەواتای وشەی (چاو) بریتییە لەمانەی لای خوارەوە:

١. لەبەرچاوی نییە. بێوەفا
٢. چاو بەچاو دەکەوێتەوە. یەکتربینینەوە
٣. چاوت ڕوون. بەختەوەری
٤. پشتی سەریشی چاوە. وریا
٥. چاوی پەڕییە پشتی سەری. توڕەبوون
٦. چاوی ڕەشی کاڵکردەوە. چاوەڕوانی
٧. بەچاو خواردی. سەیرکردنی زۆر
٨. ئاوی چاوی خۆی دەدات. خۆگەنجکردنەوە
٩. ئەوەی لەبەرچاوانە لەبەر دڵانە. ئەوانەی دەبینرێن خۆشەویستترن
١٠. خۆڵ ئەکاتە چاومان. هەڵخەڵەتاندن
١١. بەرچاو تەنگە. ڕەزیل
١٢. چاو لەدەرە. داوێن پیس
١٣. چاو باشقاڵە. دڵداریکردن
١٤. چاو بەرەو ژێرە. شەرمەزار
١٥. چاو بەستی لێکرد. فێڵکردن
١٦. چاو چاو نابینێت. تاریك
١٧. چاوی بەرایی نایەت. حەز پێنەکردن
١٨. چاو نەترسە. دلێر
١٩. چاوی سوور بووە. یاخیبوون
٢٠. چاوی گەرم بوو. توڕەبوون
٢١. چاوی لێ ناتروکێنێت. سەیرکردنی زۆر
٢٢. چاوچنۆك تێرنەبوون
٢٣. چاولێکەری لاسایکردنەوە
٢٤. لەچاو ئەودا بەحەوت ئاو شۆراوەتەوە. باشترە لەفڵان





هێڵکاری (٢)

مەرج نییە هەر ئیدیەمێك وشەی (چاو)ی تێدابێت ڕەنگدانەوەی هەستی بینین بێت، بۆنموونە کاتێك دەوترێت: (لەچاو ئەودا بەحەوت ئاو شۆراوەتەوە)، واتە بەراورد بەکەسێکی دیاریکراو (....) ئەم زۆر باشترە. ئاوڕدانەوە لەنمونەکانی ئیدیەم لەبازنەی توانا درکپێکردنەکانی هەستی بینینەوە، لەگەڵ لێکدانەوەی واتای هەریەکە لەوشەکانی ناو ئیدیەم پەیوەست بەتۆڕی سیمانتیکییەوە، تەنها خۆی لەئەوەندەدا نابینێتەوە، بەڵکو ژمارەیەکی زۆری ئیدیەم پەیوەست بەم هەستەوە بەرچاو دەکەوێت، چونکە کۆمەڵگا متمانەیەکی زۆری بەو شتانە هەیە و نابێتە جێگەی گومان ، کە لەڕێگەی بینینەوە هەستی پێدەکرێت.

(٢ – ١/٢) هەستی بیستن(Auditory Sensation) :

ئەم هەستەش یەکێکە لەهەستە گرنگەکانی مرۆڤ پشت بەبیستنی دەنگ دەبەستێت لەڕێگەی ئەندامی (گوێ)ەوە، پاشان گواستنەوەی بۆ مێشك لەڕێگەی دەمارەکانەوە، ئەو دەنگەی مرۆڤ دەیبیستێت، پاشان دوای تێگەیشتن دووبارە دایدەڕێژێتەوە، ئەم پرۆسەیە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا بەردەوامدەبێت. زمان ئەو تایبەتمەندییەیە خوای گەورە بەمرۆڤی بەخشیوەو بەهۆیەوە مرۆڤی لەگیاندارانی تر جیاکردۆتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی کە خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﭽﭾ ﭿ ﮀ ﮁ (البقرە: ٣١). زمان بەسەرەکیترین هۆکاری پەیوەندیکردن دادەنرێت، بەهۆیەوە ڕۆژانە سەرجەم کارو چالاکیەکانمان ئەنجامدەدەین، ئاشکرایە ئاخاوتنیش هیچ ڕۆڵێکی نابێت ئەگەر کەناڵی بیستن بوونی نەبێت، واتە زمان و کەناڵی بیستن وابەستەی یەکترین و یەك تەواوکەری ئەویترە، کەواتە لەپرۆسەی فێرکردندا هەستی بیستن بەپلەی یەکەم دێت، هەروەها لەگۆڕینەوەی زانیاری و ئەرکەکانی ژیانیشدا، کە لەڕێگەی زمانەوە بەرجەستەدەکرێت. هەستی بیستن هیچی کەمتر نییە لەهەستی بینین، بەڵکو لەهەندێك ڕوانگەوە بەپلەی یەکەم دێت. پێنج هەستەوەرەکەی مرۆڤ بە (دەروازەی ئاشنابوون و خزانە ناو مێشك دادەنرێن، هەموو شتەکانی چواردەورو ناخی مرۆڤ وەردەگرێت و پاشان دەیگوێزنەوە بۆ مێشك، مێشکیش بەویستی خۆی کام شتەی بوێت وەریدەگرێت، هەروەك ئەو زانیاریانەی لەهەستەوەرەکانەوە دەردەچن لەناو مێشکدا پۆلێندەکرێن. بەگوێرەی پۆلێنە زانستییەکانیش، هەستی بیستن بەپلەی یەکەم دێت، چونکە بەپایەی سەرەکی هەموو گەشەیەکی عەقڵی و بنەمای هەموو ڕۆشنگەرییەکانی ئاوەزیی دادەنرێت، هەروەك بەیەکەمین ئامرازی فێرکردن هەژماردەکرێت لەپرۆسەی خوێندن و خوێندنەوەداو پردی پەیوەندیشە بەکۆمەڵگاو دونیای دەرەوە.) (منصور، ١٩٨٢: ٥٦ – ٥٧) بێگومان بەهۆی هەستی بیستنەوە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی زمانەوە گوازرشت لەتێگەیشتنەکانی لەهەموو کایەکانی ژیانیدابکات، کەواتە دەتوانرێت بگوترێت هەستی بیستن هیچی کەمترنییە لەهەستی بینین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن و دەتوانرێت واتاو مەبەستی جیاواز لەدەربڕاوەکان درکپێبکرێن و بەرجەستەبکرێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دەربڕین و داڕشتەی زمانی زیاتر بەمرۆڤەکان دەبەخشێت و دەیسەلمێت، کە هەستی بیستن و درکپێکردن چەند کاریگەرە لەدەوڵەمەندکردنی زماندا. هەستی بیستن ڕۆڵێکی بەرچاوی لەژیانی تاکەکەسدا هەیە. ئاشنابوون بەزمان و توانای بەکارهێنانی بەشێوەیەکی دروست، بەوپێیەی هەستی بیستن تاکە ئامرازی تاکە کەسییە بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ چواردەورەکەیدا، چونکە زۆربەی توانا و زانیارییەکانی لەڕێگەی بیستنەوە دەستدەکەوێت. لەهەستی بیستنیشدا ژمارەیەکی زۆر ئیدیەمان بەرچاو دەکەوێت، کە لەڕێگەی وشەی (گوێ)ەوە دەربڕاوە، وەك:

١. لەگوێی گادا نوستوە. بێ ئاگایە
٢. دارو دیوار گوێی هەیە. ڕەقیب
٣. پشت گوێی خست. فەرامۆشکردن
٤. بێ گوێیە. لاسارە
٥. ئاوی گوێچکەی دا. ئامۆژگاریکردن
٦. بووکێ لەگەڵ تۆمەو خەسوو گوێت لێ بێت. ئاگادارکردنەوە
٧. کلك و گوێی دەکات. هەڕەشەکردن
٨. بەگوێیە. ئاقڵ



**هێڵکاری (٣)**


**(١/٢ – ٣) هەستی بەرکەوتن (Touch Sensation):**

هەستی بەرکەوتن بریتییە لەبەریەکەوتنی هەردوو لایەنی هەستپێکەرو هەستپێکراوو لەهەمانکاتدا درکپێکردنیان لەڕێگەی بەرکەوتنەوە زۆر شتمان پێئاشنادەکات، هەروەك درك بەواتای جۆراوجۆریش دەکەین، کە خۆیان لە (ساردو گەرم و تەڕو وشك و نەرم و ڕەق و درێژو کورت و زبرو نەرم و چەندین شتی تریش) دەبیننەوە. هێزی بەرکەوتن لەلەشی مرۆڤدا زۆرن، تەنها بەدەستەوە پەیوەست نین. (کشاش، ٢٠٠١: ٣٢ – ٣٣) ئەم هەستەی مرۆڤ زۆربەی کات ڕاستەوخۆ لەڕێگەی پێستەوە هەستی پێدەکرێت و چەند جۆرێك دەگرێتەوە، کە بەهۆی ئەم هەستەوە مرۆڤ دەربڕینی جیاواز دەردەبڕێت، بۆنمونە کاتێك کەسێك دەرزییەکی یان تەنێکی تیژی بەردەکەوێت بەم شێوەیە دەریدەبڕێت: ئۆف ، یان وەی ، یان ئاخ ، یان هاوارکردن... هتد.

ئەم هەستە دەبێتەهۆی دروستکردنی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندیکردن وەك زمانی نوسینی نابینایان لەم زمانەدا پشت بەهەستی بەرکەوتن دەبەسترێت، کەواتە هەستەکان لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە هەستەوەرەکان دەوروژێنرێت بەهۆکارێکی ناوەکی یان دەرەکی هەستکردن بەسادەترین پرۆسە دەرونییەکان و پاشان زمانییەکان دەژمێردرێت و کاریگەری لەسەر مرۆڤ دروستدەکات و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەربڕاوەکان دەبێت، کەواتە هەستەوەرەکانی مرۆڤ دەبێتەهۆی درکپێکردن و هەلهێنجانی واتاو مەبەستی جیاواز بەدەربڕاوەکان بەواتایەکی تر، مرۆڤ بەهۆی هەستەکانەوە بواری بەکارهێنانی وشەو ڕستەکان فراواندەکات و لەگۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری وشەو دەربڕاوەکان دەکات و چەندین واتاو مەبەستی جیاوازی لێ بەرجەستەدەکرێت و دەبێتە سەرچاوە بۆ داڕشتەی زمانی جیاوازو گوێگر لەدەربڕاوەکانەوە درك بەلایەنی دەرونی و واتایی دەربڕاوەکان دەکات و درکپێکردنەکان و داڕشتەی زمانی و زمان دەوڵەمەند دەکات.

هەستی بەرکەوتن لەگەڵ لایەنی خۆڕسکیی مرۆڤدا گەشەی عەقڵی و هزری بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە منداڵ بەهۆی هەستەکانیەوە درکدەکات و هەروەها بەبەرکەوتنی شتەکان تێدەگات لەکاتێکدا نەبیرو نەتێڕوانینی بۆ ئەو شتانە هەیە، وەکو درکپێکردنی گەرم و سارد و زبر بێ ئەوەی واتای گەرمی بزانێت و لەمانای زبریش تێبگات، هەربۆیە کاتێك بەر ئەو شتانە دەکەون، دەنگێك دەردەکەن، کە هێمابێت بۆ سوتانی زمان بەهۆی خواردنەوەی شیری گەرم یان ئازار پێگەیشتنی دەست و پەنجەی لەکاتی بەرکەوتنی بەشتێکی گەرم. (کشاش، ٢٠٠١: ٣٥) لەئەنجامی پەیوەندی نێوان هەستەوەرەکان بەبەرکەوتنەوەو پەیوەندی بەهێزی نێوانیان، بۆیە بەرکەوتن سنوری خۆی بەزاندووە بۆ سەرجەم هەستەکانی تر، ئەمەش لەڕێگەی لێکچوونە شیعرییەکان وەك بۆنێکی نەرم یان دەنگێکی ناسك یان تامێکی تەڕ، کە ئەمانە هەموویان کاریگەریان لەسەر دەرون هەیەو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ درك بەبەرکەوتنیان دەکرێت لەهەستەوەرەکانی ترەوە کە هەموویان ئاوێتەی یەکدەبن.(کشاش، ٢٠٠١: ٣٦). ژمارەیەکی زۆر لەئیدیەممان بەرچاو دەکەوێت پەیوەست بەوشەی (دەست)ەوە، بۆنموونە:

١. دەست بڵاو.     پاشەکەوتنەکردن
٢. ئاو بێنەو دەست بشۆ.     کارتەواو بووە
٣. ئاو لەدەستی ناتکێت.     ڕەزیل
٤. دەست کورت.   هەژار
٥. دەستی خۆی وەشاند.   کاری خۆیکرد
٦. دەست پیسە.   دزیکردن
٧. دەستی پێدا چزا.  تۆبەکردن
٨. دەست بەتاڵە.   بێ ئیشە
٩. دەست بەسەرە.     دیلە
١٠. لەدەستی دا.     لەکیسی چوو
١١. دەست ڕەنگین. بەهرەدار
١٢. دەستەوەسان.  بێدەسەڵات




هێڵکاری (٤)

**(١/٢ – ٤) هەستی تامکردن(Taste Sensation) :**

**تامکردن درکپێکردنی تامو چێژی مادە تامکراوەکانە، کە (زمان) ئامرازی تایبەتیەتی و دابەشدەبێت بۆ دووبەش: بەشێکیان بەرپرسە لەجوڵە وەك لەکاتی جوینی خۆراکدا لەنێوان ددان و جوین و قوتداندا جوڵەدەکات، بەشی دووەمیشیان تایبەتە بەگۆڕینی شێوەی زمان لەکاتی قسەکردن و دەربڕیندا. (کشاش، ٢٠٠: ٣٦) ئەم هەستە هەستەوەرێکی کیمیاییە لەئەنجامی تواندنەوەی شتەکانەوە لەسەر زمان دەبێت، ئەم هەستە وەك هەستەکانی تری مرۆڤ سروشتییە. ئەم هەستەوەرە کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاخاوتن هەیەو چەندین وشەو ڕستەی جۆراوجۆرو جیاوازی لێدەکەوێتەوە، بۆ نمونە: دەگێڕنەوە جاران لەئاهەنگەکاندا کاتێك کابرا جوزەلەی (ئامێرێکی موسیقییە) لێدەدا، منداڵانی لادێکە دەچوونەسەر بانێژەکەو بەو جۆرە هەڵسوکەوتیان دەکرد، کە دەستدەبەن بۆ دەمیان و گوایە (ترش) دەخۆن، ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی کە خاوەنی جوزەلەکە دەمی ئاوبکات و لیکەڕژێن بڕژێت و نەتوانێت جوزەلەکە بژەنێت، یاخود بۆنمونە: لەکاتی بینین یان باسکردنی خواردنێکی خۆش مرۆڤ هەست بەڕشتنی جۆرە ئەنزیمێك لەناو دەمیدا دەکات، ئەمەش ئەم دەربڕینەی لێدەکەوێتەوە: (دەمم ئاویکرد بۆی). گونجاوترین نمونە دەربارەی ئەم هەستەوەرە، بریتییە لەتاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی دەرونزانی ڕوسی (پاڤلۆڤ)، کە لەئەنجامی کاریگەربوونی بەبنەمای (وروژاندن) و (کاردانەوە)ی قوتابخانەی ڕەفتارییە، کە تایبەتە بەئاژەڵێك (سەگ) و سەرەتا ئاژەڵەکە ڕادەهێنرێت، کە هەموو ڕۆژێك برسی بکرێت و پاشان لەکاتێکی دیاریکراودا زەنگی بۆ لێدەدرێت و پاشان خواردنی بۆ دەبرێت، دواتر بەهەمان سیستەم کاردەکەن، بەڵام لەدوای لێدانی زەنگەکە خواردنی پێشکەش ناکەن، بەمەش سەگەکە لیکەڕژێن دەڕژێت، هەربۆیە لێدانی زەنگەکە دەبێتە وروژاندن و ڕژاندنی لیکەڕژێن لەلایەن ئاژەڵەکەوە دەبێتەهۆی کاردانەوە، کەواتە هەستی تامکردن هۆکارێکە بۆ بەپێزبوون و دەوڵەمەندکردنی زمان بەبەکارهێنانی وشەکانی بەواتاو مەبەستی جیاوازو بارکراو درکپێکردنی ئەو واتایانە لەڕێگەی زمانەوە، لەهەمانکاتدا بەهۆی ئەم هەستەوە مرۆڤ دەتوانێت دەربڕینی زمانی زیاتر دەربڕێت و بەکاریانبهێنێت.**

**پەیوەندی نێوان هەستی بۆنکردن و تامکردنیش پەیوەندییەکی بەهێزە، بۆیە زۆرجار بۆنکردنی خواردن کاریگەری لەسەر بڕیاردان لەتامەکەی دەبێت. هەندێکجار تامکردن لەدەستدەدەین، بەڵام بەبێ ئەوەی هەستەکە، کە تایبەتە بەتامکردن لەدەستبدەین. (کشاش، ٢٠٠١: ٣٨) باشترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە، کە زۆرێك لەمرۆڤەکان بەهۆی توشبوونیان بەڤایرۆسی (کۆرۆنا) بۆ ماوەیەکی کاتی تامو بۆن لەدەستدەدەن، کە هەندێکیان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئەم هەستانەیان بۆ ناگەڕێتەوە.**

**لێرەدا ئاماژە بەچەند نمونەیەکی ئیدیەم تایبەت بەم هەستەوە دەکەین، بۆنموونە:**

**١. دەمی شیرینکرد. بەرتیلپێدان**

**٢. دەمی سوێرکرد. لێدان**

**٣. دەم و دەست. کتوپڕ**

**٤. دەمە دەمەم لەگەڵدەکات. شەڕکردن**

**٥. دەمی پاندەکاتەوە. پێکەنین**

**٦. دەم درێژ. هارە**

**٧. لەدەمی بدە. لێدان**

**٨. دەم سور. دلێر**

**٩. دەمی گەرمە. قسەزان**

**١٠. دەمکوتی کرد. بێدەنگکردن**

**١١. دەم سپی. تێگەیشتوو**

١٢. دەم ڕاست.   پیاوماقووڵ

١٣. دەم و لوتی بەیەکداداوە.  بێتاقەتی


١٤. دەمی چەورکرد.   بەرتیلپێدان

١٥. زمان لەدەمیدانییە.  بەستەزمانە

١٦. بێ دەمو پل.   بەستەزمانە

١٧. مێش لەدەمی خۆیدەرناکات.  بەستەزمانە

١٨. لەدەمی خۆی گرتەوە.  پاشەکەوتکردن




هێڵکاری (٥)

(١/٢ – ٥) هەستی بۆنکردن(Smell Sensation) :

هەستی بۆنکردن درکپێکردنی شتە بۆنکراوەکەیە. (کشاش، ٢٠٠١: ٣٨) هەموو ئەو وروژێنەرانە دەگرێتەوە، کە بەر هەستی بۆن دەکەون لەڕێگای لووتەوە ئەنجامدەدرێت. بەشی سەرەوەی بۆشایی لوت، بنکەی زۆر ناوەندە هەستییەکانە، هەستی بۆن لەئەنجامی کۆتا دەمارێك ڕوودەدات، کە ناسراوە بەخانەی بۆن وەرگر، کە دەتوێتەوە لەناو ئەو پێکهاتە لینجەی، کە لەلووتدایەو تادەگاتە خانەوەرگرەکان و دواتریش بۆ دەمارەکان، ئینجا بۆ مێشك دەڕوات لەوێش وەردەگێردرێتە سەر بۆن، ئەم هەستە بەهێزترین هەستی مرۆڤە. (دزەیی، ٢٠١٤: ٨٤) ئەم هەستەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، هەروەها لەهەندێك گیانلەبەراندا ئەم هەستە زۆر بەهێزەو بەپلەی یەکەمدێت، بۆنمونە (سەگ)، بەڵام ئەم هەستەوەرە بەراورد بەهەستەوەرەکانی تر کەمتر بەکاردێت و بەرهەم و دارشتەی زمانی ئیدیەمیشی کەمترە بەراورد بەجۆرەکانی تر، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ قورسی و ناڕەحەتی جیاکردنەوەی بۆنەکان و دەربڕینیان لەڕێگەی زمانەوە، سەربارى ئەوەش هەستی بۆنکردن بەهۆی کۆمەڵێك وشەو دەربڕاوی جۆراوجۆرەوە زمانی دەوڵەمەندکردووە. ناوی ئەو (بۆنانەی کە مرۆڤ درکیان پێدەکات ناڕوونن "وێنەیان نیە"، لەبەر ئاستەمی پۆلێنکردنی بۆنەکان دانانی ناوی وردو جۆراوجۆر بۆ هەریەکێك لەبۆنەکان هەوڵی جۆراوجۆر هاتەکایەوە کە کاریانکرد بۆ دەستنیشانکردنی واتای بۆنە سەرەتاییەکان و پۆلێنکردنی مادەکان. یەکێك لەو هەوڵانە هەوڵی (John E. Amoore) بوو، کە پۆلێنی بۆ سەدان مادەی زانراو کرد، کە هەریەکەیان بۆنی تایبەتی خۆی هەیە، بەو بۆنەیەشەوە توانرا مادەکان بۆ حەوت گروپی سەرەکی دابەشبکرێت، کە هەر گروپێکیان تایبەتن بەبۆنێکی دیاریکراو ناوی هەر حەوت گروپەکەش بە(بۆنە سەرەتاییەکان، یاخود بۆنە بنەڕەتیەکان) نرا، کە دەکرێت کۆیان بکەینەوە بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی ئەم بۆنانەدا: (بۆنی کافور، بۆنی مسك، بۆنی گوڵ، بۆنی نەعنا، بۆنی تیژ، بۆنی بۆگەن، بۆنەکانی ناو هەوا. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە پۆلێنەکان هەرچیەکبن نابنە کێشە، بەڵکو ئەوەی کە دڵنیایمان دەداتێ ئەوەیە، کە هەر بۆنێك دەلالەت و واتایەکی تایبەت بەخۆی هەیەو بەوشە جێگەی پڕکراوەتەوەو مەبەستێکی تایبەت دەگەیەنێت.) (کشاش، ٢٠٠١ :٤٠ - ٤١)

نمونەی تۆڕی تیشکدەرەوەیی وشەی (بۆن) تایبەت بەهەستی بۆنکردن لەئیدیەمدا:

١. بۆنی پێوە ناکەیت.  بەدەستی ناهێنیت

٢. بۆنی شیری خاو لەدەمی دێت.  منداڵە

٣. دەستی خۆم بۆن نەکردوە.  نەزانین


٤. وەك پیسایی وایە تا چیلکەی  لێ بەیت  زیاتر بۆنی دێت.  مرۆڤی خراپ

٥. نەترە دەنگی بێت و نەتسە بۆنی بێت.   شاراوە

٦. بۆن و بەرامە.  بۆنی خۆش

٧. سەگ بۆنی پێوە ناکات.   پیسە

**٨. بۆسۆی لێدێت. هەژارە**




**هێڵکاری (٦)**

**ئەنجام:**

**١- زمان رۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەگێرێت لەپرۆسەی درکپێکردندا، چونکە لەم پرۆسەیەدا سەرجەم ئەو ئەزموون و شارەزاییەی، کەمرۆڤ بەهۆی هەستەوەرەکانەوە بەدەستیهێناوە لەئەنجامی پەیبردن بەکۆزانیاری ناوەکی و دەرەکی، پاشان بەکۆدکردنی لەئاوەزداو لەکۆتایدا لەرێگەی زمانەوە بەرجەستەدەکرێت، بەڵام ئەوەمان لەیادنەچێت، کە کۆزانیاری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و مەرج نیە هەموو بەکارهێنەرێکی زمانێکی دیاریکراو چەمکەکانیان، کە بەرهەمهاتووی کۆزانیارییەکانیانە، وەك یەك بن، بەڵکو بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت.**

**٢- پەیوەندی نێوان توانا درکپێکردنەکان و ئیدیەم پەیوەندییەکی بەهێزو تۆکمەیە، لەبەرئەوەی بەئاشکرا هەست بەرەنگدانەوەی هەستەوەرەکان لەئەزمونکردنی جیهانی دەرەوەو درکپێکردنی لەلایەن ئاخێوەرەوە دەکەین، پاشان هەستەوەرەکان بەهۆی زمانەوە بەرجەستەکراون و بوونەتە هۆی دارشتن و بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بیشومار لەئیدیەم، کە هەردوو هەستی (بینین و بیستن) زیاتر بەکاردێن و رۆڵی سەرەکی دەگێڕن بەراورد بەهەستەکانی تر، بەڵام هەستی (بۆنکردن) بەکەمترین رێژە بەرچاو دەکەوێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ گرانی و نارەحەتی جیاکردنەوەی جۆرەکانی و بەرجەستەکردنیەتی لەرێگەی زمانەوە.**

**٣- لێکدانەوەو شیکردنەوەی (کرۆکەواتاو تونێکەواتا)ی واتای ئیدیەم لەبەکارهێناندا پەیوەست بەتیۆری (تۆری سیمانتیکی)یەوە، واتایەکی خوازەیی لەخۆدەگرێت، کەبەهۆی فراوانبوونی واتاوە لەمەودایی خوازەیدا، کە واتا نوێیەکە لەسنوری کرۆکەواتاکە دەترازێت، هەربۆیە لێکدانەوەکان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی ترو لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێت.**

**٤-زانستی زمانی درکپێکردن گرنگی بە(وروژاندن/تێکردە) و (وەڵامدانەوە/دەرکردە)دەدات، کەواتە پەیوەندییەکی بەهێزو ڕاستەوانە لەنێوانیاندا هەیە، هەتا تێکردەی (کۆزانیارییە)ەکانی بیروهزری مرۆڤ زیاتربێت، ئەوا دەرکردەش زیاتردەبێت، کەواتە هەر لەنگی و کەلێنێك لەتێکردەدا بەدیبکرێت، ڕاستەوخۆ لەدەرکردەدا ڕەنگدەداتەوە.**

**سەرچاوەکان:**


**قورئانی پیرۆز**

**- سەرچاوە کوردییەکان:**

**١. احمد، محمود فتح الله و نەریمان حەسەن، (٢٠١٧)، پەیرەو و بنەما سیمانتیکیەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١١).**

**٢.ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، (٢٠١٩)، نەخشاندنی کۆزانیاری وشەیی لەفەرهەنگی ئاوەزییدا، سلێمانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.**

**٣. حەسەن، فەرهاد تۆفیق، (٢٠١٥)، زمان لەرێکلامی کوردیدا، سلێمانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.**

**٤. حسێن، شیلان عومەر، (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، سلێمانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.**

**٥. دزەیی، عبدالواحید موشیر، (٢٠١٤)، زمانەوانیی دەروونی، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاوێر.**

**٦. فەتاح، محەمەد معروف، (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات.**

**٧.قادر، کاروان عومەر، (٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B ، ژمارە (٣٤).**

**-سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**١. الخيري، أروة محمد ربيع، (٢٠١٢)، علم النفس المعرفي، بغداد، دار أفكار للدراسات و النشر.**

**٢.حسين دزەيی، دلخۆش جارالله، (٢٠١٤)، علم الدلالة الادراكي: المبادىء و والتطبيقات، مجلة الآداب- ع (١١٠).**

٣.كشاش، محمد، (٢٠٠١)، اللغة و الحواس رؤية التواصل و التعبير بالعلامات غير اللسانية، صيدا – بيروت، المكتبة العصرية.

٤.منصور، عبد المجيد سيد أحمد (١٩٨٢)، علم اللغة النفسي، الرياض، عمادة شؤون المكتبات- جامعة الملك سعود.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان: -

1. Cruse, D. Alan and Croft, William, Cognitive Linguistics, Cambridge University Press.
2. Doerfel, Marya L.( 1998) What Constitutes Semantic Network Analysis?, Fall Volume 21 Issue 2, UNC Charlotte
3. Lee,Tim Berners. Hendler, James and Lassila, Ora.( 2001) A new form of Web content that is meaningful to computers will unleash a revolution of new possibilities
4. Sowa,John F.( 1992) Semantic Networks
5. Steyversa, Mark. Tenenbaumb, Joshua B. (2005) The Large-Scale Structure of Semantic Networks: Statistical Analyses and a Model of Semantic Growth, Cognitive Science 29



**الملخص**

تعد اللغويات المعرفية من احدث الدراسات العلمية في مجال علم اللغة التطبيقي والتي تولي أهمية بالغة بالجوانب العقلية والفكرية والقدرات الادراكية في العمليات التحليلية للغة على وفق اطر حديثة وعلمية. ويعد مفهوم (الكناية) واحداً من مجالات اللغة الذي له علاقات اتصال متينة وقوية بالقدرات الادراكية التي تشتمل على الحواس الخمس، فالمتكلم يشعر بانعكاس هذه الحواس في تجاربه وخبراته اللسانية والتي تتكرر استخداماتها من قبل جماعات المتكلمين في المجتمع. توسّم عنوان هذا البحث بـ (الكناية من وجهة نظر علم اللغة الادراكي)، وهو محاولة لتحليل مفهوم (الكناية) وتأويله من خلال القدرات الادراكية المتمثلة بالحواس الخمس متعالقا مع نظرية (الشبكة الدلالية) التي تعد واحدة من الموضوعات الدلالية الادراكية ذات الاهمية والتي تبحث في دلالات الالفاظ اللغوية. اذاً هذا البحث محاولة علمية لفهم الكناية وتحليلها استناداً على الحواس الخمس ومترابطا مع نظرية الشبكة الدلالية التي اتخذناها وسيلة لتحليل المعاني الحقيقية والمجازية للالفاظ الواردة في الجمل والعبارات.

الكلمات الدالة: علم اللغة الادراكي، الشبكة الدلالية، القدرات الادراكية، الدلالة الادراكية، الكناية.

**Abstract**

Cognitive linguistics is one of the latest scientific studies in the field of applied linguistics, which attaches great importance to mental and intellectual aspects and cognitive abilities in the analytical processes of language utilizing modern and scientific standards. The concept of (metonymy) is one of the linguistic domains that has strong relationships with the perceptual abilities that include the five senses: sight (vision), hearing (auditory), smell (olfactory), taste (gustatory), touch (tactile). A speaker can feel the impact of these senses in his/her experiences and verbal skills, which are also recurrently used by other language users in the society .

This study, entitled Metonymy from the Perspective of Cognitive Linguistics, It is an attempt to analyze and interpret the concept of (metonymy) through the perceptual abilities represented by the five senses, in connection with the theory of the (semantic network), which is one of the important semantic perceptual topics that examine the semantics of linguistic words. So the research is a scientific attempt to understand and analyze the metonymy based on the five senses and interconnected with the semantic network theory, which we have taken as a means and an approach to analyze the real and figurative meanings of the words contained in the sentences and phrases.

Keywords: perceptual linguistics, semantic network, perceptual semantics, perceptual abilities, Idioms